# ڕەشنوسی دەستوری ئیسلامیەکان و قەومیەکان جەخت لەسەر پێویستی خەبات بۆ بە شکست کێشانی دەکات

هێنانەپێشی مەسەلەی دەستور، هەر وەک لە پێشتردا جەختمان لەسەر کردووە، ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی سیاسەتەکانی ئەمریکا بۆ بەرپاکردنی جەنگ و داگیرکاری لە عێراقدا. پیلانێکە بۆ سەپاندنی یاساکانی دارستان بەسەر دانیشتوانی ئەم وولاتەدا لەم هەلومەرجە کارەساتبارەی ئێستادا. ئەمە کارێکە بۆ سەپاندنی دەسەلات و یاساکانی تاقمە ئیسلامی و قەومیەکان بەسەر کۆمەڵگەدا. ئەمە فێڵێکە بۆ بڵاوکردنەوەی خۆشباوەڕی و بازدان بەسەر مەسەلە بنەڕەتیەکانی جەماوەردا کە بریتییە لە داگیرکاری و تیرۆرو نەبوونی ئاسایش و بەم جۆرەش سیناریۆی درێژەدان و جێگیرکردنی هەلومەرجی کارەساتباری ئێستایە.

ئەم پرۆژەیەی بە دەستور ناوی دەبرێت و هەڵگری ئەو ناوەرۆکە کۆنەپەرستانەو دوواکەوتووانەیەیە، بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەم ڕاستیانە. دەستورێک کە لەسەر بنەمای ئیسلام بێت لەگەڵ هیچ کۆمەڵگەیەکی بەشەریدا ناگونجێ و ڕێگەیەکە بۆ گۆڕینی عێراق بە ئێران و ئەفغانستانێکی تر. دەستورێک لەسەر پارچەکردنی کۆمەڵگا بە پێی پێناسەی ساختەی تایفی و قەومی دابمەزرێت و پشت بە داماڵینی هەویەی ئینسانی ببەستێ و بیسرێتەوەو لە جیاتی جەخت کردن لەسەر هەویەی هاوولاتی بوون، ئەندامانی کۆمەڵگە بەپێی هەویەی جۆراوجۆری مەزهەبی و قەومی و دینی دابەش بکات، تیایدا باس کردن لە ئازادیەکان و مافەکانی ئینسان تەنها گاڵتەجاڕی و مایە پووچیە.

ئاشکرایە کە یاساکانی ئیسلام لەگەڵ ئازادیە فەردی و کۆمەڵایەتیەکان و مافە بنەڕەتییەکانی ئینساندا نایەتەوە بەڵکو بە ئاشکرا بەروویدا ئەوەستێتەوە. دانانی شەریعەتی ئیسلام وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان و قەدەغە کردنی هەر یاسایەک کە پێچەوانەی ئەحکامەکانیەتی، کە مەلاکان ئەیناسێنن و لێکیئەدەنەوە، پووچی هەموو  دەربڕینەکانی سەبارەت بە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ کەلە دەستورەکەدا باسیان لێوە کراوە، دەردەخات و لەهەر مانایەکیش خاڵیان ئەکاتەوە.

ئەو شەڕەی لە نێوان تاقمە ئیسلامیە شیعیەکان کلێپەی سەندووە، کە بە هۆیەوە جێگاکانی ژیانی خەڵکیان کردووە بە مەیدانی کوشتارگا، ئەو هەڕەشەو پەیامانەش کە تاقمە ئیسلامییە سونیەکان دەریدەکەن و خەڵکی مەدەنی بەردەم دەرگاکانی نەخۆشخانەکان و بنکەکانی گواستنەوەی گەشتیارانیان کردۆتە ئامانجی خۆیان، وە هەوڵی قەومییە کوردیەکان بۆ جولاندنی هەستی قەومی و ڕەگەزپەرستی لە نێو جەماوەری کوردستاندا و وەعدو بەڵێنی بوشی ملهووڕ لە پێناو سەپاندنی شەڕێک بەسەر هاولاتیاندا لەسەر پایەی هەویەی مەزهەبی، وە بە زمانێکی کاوبۆیانە تەنها ئیختیاری ئەوەی بۆ لایەنگرانی مەزهەبی سونی هێشتەوە کە یان بە ئاشتی دابنیشن و یان شەڕیان لە دژ ئەکرێ، ئەمانە ئەنجامی سیاسی و ئەمنی ڕاستەوخۆی پێشنیار کردنی ئەم پرۆژەیەن و سەلمێنەر و بەڵگەی ڕۆشن و واقعی قسەکان و پێشبینیەکانی ئێمەیە و ئەمانەش سیماکانی ئاییندەیەکی ڕەشن کە سیناریۆی سەپاندنی پرۆژەی کۆنەپەرست و فاشی دەستور دەیسەپێنێ.

**جەماوەری ئازادیخواز!**

باس کردن له ئاینده‌یه‌کی باش بۆ ئه‌م کۆمه‌ڵگه‌یه به‌بێ کۆتایی هێنانی کێشه بنه‌ڕه‌تییه‌کانی ئیمکانی نی‌یه.
داڕشتنی ده‌ستورێک که بچووکترین ڕێز بۆ ماف و ئازادی‌یه بنه‌ڕه‌تی‌یه‌کان دابنێ له تواناندا نی‌یه هه‌تا کۆمه‌ڵگا له جه‌نگ و داگیرکاری و تیرۆر و نائه‌منیه‌ت ڕزگاز نه‌کرێت.
ئه‌وه‌ی که به پرۆژه‌ی ده‌ستور ناوده‌برێت بریتییه له یاسای سه‌پاندنی نه‌بوونی و سه‌رکوت به‌سه‌ر کرێکاراندا و برسێتی و چۆکدادان به زه‌حمه‌تکێشان. ئه‌م ده‌ستوره ده‌ستوری سه‌پاندنی ژێرده‌سته‌یی و ته‌فره‌قه‌ی جنسی به‌سه‌ر ژنان و بێمافی‌یه به‌سه‌ر لاوان و منالاَندا، ئه‌مه یاسای جیاکاری قه‌ومی و بێ به‌ش کردنی جه‌ماوه‌ری کوردستانه له مافی دیاری کردنی چاره‌نوس و ئاینده‌ی سیاسی‌یان، ئه‌مه زیندووکردنه‌وه‌ی دوواکه‌وتوویی و یاسایی کردنه‌وه‌ی کۆنه‌په‌رستی دینی و قه‌ومییه. ئه‌مه ده‌ستوری داماڵینی هه‌ویه‌ی ئینسانی و گۆڕینمانه بۆ بوونه‌وه‌ری مه‌زهه‌بی و تایفی و قه‌ومی. ئه‌بێت ناوه‌ڕۆکی ئه‌م پرۆژه‌یه‌و پرۆسه‌ی داڕشتنه‌که‌ی که بۆ ته‌زوویرکردنی ئیراده‌و زه‌وتکردنی مافه‌کانمان له هه‌ڵبژاردنی سیسته‌می ده‌سه‌ڵاتی ئاینده‌ی عێراقه، ڕسوا و ڕه‌ت بکرێته‌وه.
جارێکی تر بانگه‌وازتان ده‌که‌ین که ئه‌م پیلانه گۆڕ به‌گۆڕ بکه‌ن، ئه‌مه پیلانی سوتاندنی کۆمه‌ڵگه‌که‌مانه له ناو ئاگری شه‌ڕو بێ ده‌ره‌تانی بێ په‌رده‌دا. ده‌ستورێک به‌م جۆره و له هه‌لومه‌رجێکی ئاوا کاره‌ساتبارو ئاڵۆزدا دابڕێژرێت، ئیدیعاکه‌ی بۆ پێناس کردنی ماف و ئازادی‌یه‌کانتان ته‌نها گاڵته‌پێکردن و گاڵته‌جاڕی‌یه.
وه‌رنه مه‌یدان و هێزه‌کانتان له ده‌وری ڕاگه‌یاندنی کۆنگره‌ی ئازادی عێراق کۆبکه‌نه‌وه له پێناو شکستهێنان به‌م پیلانه‌و سه‌پاندنی ئه‌م ده‌ستوره کۆنه‌په‌رسته، وه له پێناو دیاری کردنی ئاینده‌یه‌کی باشتر بۆ کۆمه‌ڵگه‌ی عێراق.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**27.08.2005**